# تۆ بڵێی "هیچ مەترسییەك لەسەر باشووری كوردستان نەبێ"؟!

**مه هاباد كوردی**
mehabadk@hotmail.com

هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە و، ئاییندەیەکی گەشیش لەبەردەم گەلەکەماندایە". ئەمە سەردێڕی گەورەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "برایەتی"ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە. (برایەتی، ژ ٣٨٩٩، ٢٣-١-٢٠٠٣، ل ١) . هەروەها ئەم ناوونیشانە لە هەمان کاتدا قسەیەکی مەسعوود بارزانیی سەرۆکی "پدک"یە کە لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ سکرتێر و نوێنەرانی ٣٠ حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستاندا کردوویەتی. کۆبوونەوەکەش لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پدک، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێککەوتی ٢٢-١-٢٠٠٣، بەڕێوەچووە.

لە سەرەتادا پێم خۆشە ئەوە بڵێم، ئاییندەیەکی گەش و دیار بۆ تەواوی کوردستان و سەرجەم نەتەوەی کورد، بێگومان هیوا و ئامانجی گشت کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف بووە و دەشبێ. لێ بەڵێ ئەمە هەرگیز بە واتای ئەوە نایەت کە دوژمنانی کورد دەست لە ئەژنۆ دادەنیشن و لە بەرامبەر هەر کارێکی کوردانیشدا بێدەنگ دەبن. دیارە ئەمە سادەترین قسەیە و زارۆکێکی گچکەی کوردیش دەتوانێت بیکات یان هەستی پێ دەکات.

مەسعوود بارزانی کە وەک کەسێکی گران و کەمدوو و لەسەرخۆ و ڕەفتار سادە ناسراوە، گومان لەوەدا نییە، جێ پەنجە و کاری ئەو لە گۆڕەپانی ژیانی ڕامیاریی ئەوڕۆی باشووری کوردستاندا دیار و بەرچاوە. هەڵبەت نابێ ئەمەش ئەوە بگەیەنێ کە مەسعوود بارزانیی مرۆڤ هەڵە و شاشی ناکات. ناوبراویش وەک هەر مرۆڤێکی تر، گومان لەوەدا نییە، لە کردار و ئاخاوتندا دووچاری چەوتی و هەڵە هاتووە و دێ. ئەمەش یاسایەکی سرووشتیی ژیانە و هەر یەک لە ئێمەی مرۆڤی سەر ڕووی ئەم گۆی زەوییە دەگرێتەوە.

سەرۆکی پدک دوای ئەوەی کە گەشتی چەند وڵاتێکی عارەبی و ناوچەیی و ئەورووپایی کرد، ئینجا بۆ کوردستان گەڕایەوە. وەک دەشزانین لە لەندەن بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کرد.

من لەم نووسینەدا چەند بڕگەیەکی ڕۆژنامەی برایەتی وەک خۆیان دەخەمە بەر دیدەی خوێنەران. لە دواییشدا بیر و بۆچوونەکانی خۆم لەمەڕ قسەکانی بارزانی دەخەمە ڕوو. برایەتی، سەبارەت بە قسەکانی سەرۆکی پدک، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێت:

". . لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا سەرۆک بارزانی لە بارەی ئەگەر و پێشهاتەکان لەسەر ئاستی کوردستان دوا و، ڕوونکردنەوەی پێویستی بە ئامادەبووان دا و، ئاماژەشی بەوە کرد، کە هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە و؛ ئاییندەیەکی گەشیش لەبەردەم گەلی کوردستاندایە. سەبارەت بە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە لە لەندەن بەسترا، سەرۆک بارزانی هەڵوێستی شاندی کوردستانی لە سەرخستنی کۆنگرەکەدا بەرز نرخاند و، چەسپاندنی مەبدەئیی فیدرالیەتیشی بە دەسکەوتێکی مێژوویی گرنگ بۆ گەلەکەمان لە قەڵەم دا و، داواشی کرد، کە ڕوحییەتی لێبووردن لەنێو گەلانی عێراقدا بچەسپێ و، بەو ڕوحییەتەش کار بۆ ئاییندە بکرێ. دواتر سکرتێر و نوێنەرانی حیزب و لایەنە بەشداربووەکان باری سەرنجی خۆیان سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە و جیهان خستەڕوو و، تەئکیدیان لەسەر یەک وتاری و یەک هەڵوێستیی گەلی کوردستان کرد و، گرنگیی بەردەوامبوونی ئەم جۆرە دیدار و کۆبوونەوانەیان دووپات کردەوە".

جارێ هەر لە سەرەتادا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە نەبوونی "هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان" و تەواوی کوردستانی گەورەش، لە بارێکدا بە ڕاست دەردەچێ، کاتێ کە نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی دنیا ببێ بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ و قەوارەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی.
خۆ ئەگەر لەوەش دوورتر بڕۆین، دەبینین چەندان میللەت هەن کە خاوەن دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەیی ئازاد و سەربەخۆن، کەچی لە هەمان کاتدا دیسانیش هەست بە مەترسی و هەڕەشەی ناوەوە و دەرەوە دەکەن. زلهێزێکی زەبەلاحی مینا ئەمەریکاش هەست بە مەترسییەکان دەکات و ڕۆژ تا ئێوارە باس لە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیشی دەکات. لە بارێکی وەهادا، کوردستانی ئێمەی لەت لەتکراو و کوردی لەیەک دابڕاو، دیارە ئەوپەڕی مایەی گێلاتییە کە دەگەڵ دەوڵەتە سەربەخۆکان بەراورد بکرێن و، ئەوی ڕاستیش بێ ئێمە چ شتێ شک نابەین تا ناوی لێ بنێین "ئاسایشی نەتەوەیی کوردی". جێگای داخە لە بەرنامەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوڕۆی سەر گۆڕەپانی کوردستانیشدا ئەمە ئەوەندە دیار و بەرچاو نییە، کە مایەی دڵخۆشیی مرۆڤی کورد بێ. داخوا لەم هەلومەرجانەدا دەشێ بڵێین: "هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە و، ئایندەیەکی گەشیش لەبەردەم گەلەکەماندایە"؟. ئێمە هەموومان دەزانین داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە چاویان بڕیوەتە ئەو بەشە کوردستانە ڕزگارکراوەی باشوور، کە ئێستا پدک و ینک، بەڕێوەی دەبەن. دوژمنانی کورد تا هەنووکە چ کارێ نەماوە، لە پێناو تێکشکاندنی ئەو ئەزموون و "دیفاکتۆ"یەی کە لە باشوور هەیە، ئەنجامیان نەدابێ. تاکە خەونی ئەو کۆلۆنیالیست و نەتەوە سەردەستانەی کوردستانی گەورەش تەنیا و تەنیا لەناوبردنی ئەو بەڕێوەبردنە خۆماڵییە کوردییە بووە، کە وێڕای گشت تەنگوچەڵەمەکانیش، ئیسماعیل بێشکچی گوتەنی: "خراپترین ئیدارەی کوردی لە چاکترین ئیدارەی داگیرکەرانی کوردستان باشترە".
هەروەها من وەک کوردێک گەلێ مەترسی دیکەش لەسەر باشووری کوردستان و خودی خۆبەڕێوەبردنە کوردییەکەش دەبینم، کە دەکرێ بە کورتی ئاماژەیان پێ بکرێ: هەبوونی دوو دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی کوردی کە قەت نەدەبوو وا بێ. سەرهەڵدانی چەندین گرووپی تێکدەر و بەکرێگیراو و وابەستە، بە تۆرانی و ئیسلامی سیاسیشەوە، کە دیارە ئەمانە لە هەناوی شەڕی ناوخۆیی ینک و پدک لە دایک بوون و هەندێکیشیان بە داخەوە بە دەستپێشکەری هەردوو هێزە باڵادەستەکەی ئەم پارچەیەی کوردستان خۆیان هاتنە ئاراوە. گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵبەز و دابەزی نرخی دۆلار و دەنگۆی داشکاندنی مووچەی فەرمانبەران کە هیوادارم ئەم کارە جێبەجێ نەکرێت. هەبوونی کەسانێکی پاشەڵ پیس و کۆنەبەعس و کۆنەجاش و ئەڵقە لەگوێی داگیرکەران دەنێو دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیدا خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی گەورەیە. دیاردەی گەڵاوی بەرتیلخۆری و خاترگرتن و "فەسادی ئیداری" و زۆری تریش کە دەبوایە لەمێژەوە بنەبڕ بکرێن. مانەوەی هێزە بەناو ئاشتیپارێزەکەی "PMF" کە لای هەر کەس ئاشکرایە گوێ لەمست و بەکرێگیراوی چ دەوڵەتێکی زەوتکەری بەشێکی گەورەی کوردستانە، بێجگە لە هێزەکانی تریشی کە لە ناوچەی بامەرنی مۆڵەت دراون. هەڕەشەی بەردەوامی ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان و مۆڵدانی هێزەکانی کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە هەولێری پایتەختەوە دوورن، هەروەها ئەنجامدانی چەندین کاری تەقاندنەوەی تیرۆریستانە لە لایەن هەر هەمان ڕژێم و داروودەستەکانییەوە لە کوردستانی ئازادکراودا. ئەمانە وەک دەڵێن چەند مشتێکی خەروارێکن لەو هەڕەشە و مەترسییە بەردوامانەی کە ڕووبەڕووی باشووری کوردستان بوونەتەوە و دەبنەوە. بێگومان گەلێ خاڵی تریش هەن کە تایبەتن بە هەمان مەسەلە و لام وابێ لای هەموومان ڕوون و ئاشکران و، پێویست بە باسکردنیشیان ناکرێت.

ئەوەی تایبەت بێ بە کۆنگرەی لەندەن، زۆر ڕاستە شاندی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە کۆنگرەکەدا، بەڵکو من پێم وایە ئەگەر کورد لەو کۆنگرەیەدا بەشدار نەبووایە، کۆنگرەکە شتێکی ئەوتۆی لێ شین نەدەبوو تا پێی بگوترێت کۆنگرە. بەڵام لێرەدا هەندێ پرسیار سەرەتاتکێی هاتنە دەرەوە دەکەن و هەر دەشبێ ئاڕاستەی سەرانی کورد و نوێنەرانی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستانیش بکرێن: ئایا شاندی کوردستان، بە هەموو بیر و بۆچوونێکی جیاوازیشیانەوە، وەک پێویست بە ئەرکی سەر شانی خۆی ڕابوو؟ ئەرێ ئەمە گەورەترین سووکایەتیکردن بە تەواوی کورد و شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال نییە، کاتێ کە بە پێشنیاری سەرانی کورد کەسانێکی ڕەگەزپەرست و دەست بە خوێن سووریی کورد وەک وەفیق سامەڕائی و مەشعان جبووری و ئینجا سەعد بەزاز بهێنرێنە نێو کۆنگرەکەوە؟ داخوا شاندی کوردستان عێراقچییانە جووڵایەوە یان کوردستانییانە و سەربەخۆ؟

سەبارەت بە مەسەلەی فیدرالیزمیش کە لەو کۆنگرەیەدا باسی لێوە کرا، زۆر جێگای داخە تژی کەموکوڕییە. هەر تەنیا بۆ نموونە: کوا سنووری کوردستانی فیدرالی؟ بۆچی بە هیچ شێوەیەک باس لە ناسنامەی کوردستانێتی شاری کەرکووکی کوردستان نەکرا؟

بە بۆچوونی من ئەوە نەتەوە سەردەستەکانن کە دەبێ ببن بە مایەی چەسپاندنی "ڕوحییەتی لێبووردن" دەنێو کورد و خۆیاندا و، هەروەسا داوای لێبووردن لە نەتەوەی کوردیش بکەن و، زەرەر و زیانەکانیشی بۆ قەرەبوو بکەنەوە کە دیارە بە پارەی هەموو دنیاش ئەم دەردە بەژان و ئازاراوییانە ساڕێژ ناکرێن!

لە کۆتاییدا هەر ئەو ماوە بڵێم: گەلی کوردستان هەمیشە خاوەن یەک وتار و یەک هەڵوێست بووە. ئەوە پارتی و یەکێتی بوون کە خەڵکیان وا هان دەدا هەڵوێستیان بگۆڕن و، هەمووشمان بە چاوی خۆمان بینیمان ئاکامە خراپەکانی شەڕی کوردکوژیی نێوان ینک و پدک چیان بەسەر کوردی ئەو بەشەی کوردستان هێنا. یەکێتی و پارتی، دوای ئاشتبوونەوەی گشتیش، هێشتا جاروبار لێرە و لەوێ جیاوازییەکی بەرچاو لە بۆچوونەکانیان بەدی دەکرێ. بۆچوونگەلێک چونکە تایبەتن بە کورد و پاشەڕۆژی، دەبێ یەکبخرێن. *سوێد ٢٨-١-٢٠٠٣*

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣